# سەد ساڵی ڕەبەق، منداڵی!

**بەرزان هەستیار**
**(ئەڵمانیا - کۆڵن)**

منداڵیم یەک سەدەی ڕەبەق درێژ بوو
تەلی دڕکاویی مەراقێک نەما،
لە شەڕواڵەکەم گیر نەبێت،
زرمەی شەقی سەرزەنشتێک شک نابەم
لە پاشەڵم هەڵنەستابێت،
منداڵیم بەرینترین کیشوەری خەتاباری بوو
هەر هەموو شەڕەکان لەوێوە هەڵگیرسان،
خوێنەکان لەوێدا کفیان کرد،
منداڵیم گەورەترین گۆڕستان بوو
گۆڕهەڵکەنەکان گشتیان لەوێوە زەنگین بوون
ئێسکەکان، هەموویان لەوێندەر بوون بە خۆڵ
منداڵیم، سەدەیەک چۆڕە.. چۆڕ خوێنی لەبەر ڕۆیشت
یەک سەدە، تەنها فریای باڵقبوونی کەساسی خۆم
کەوتم،
سەدەیەک؛ نیگەرانیم دووپێی لەرزۆکی لە زەوی و
سەری کزیشی لە پاژنەی هەورەکان هەڵدەسوو
منداڵیم باخێک بوو، هێندەی ماڵی خوا پانوپۆڕ،
تەنها چراوگی میوەی زەلیلی
بە لقی شۆڕی درەختەکانییەوە دادەگیرسا
منداڵیم خانوویەکی لاتەریکی داتەپیو بوو،
جگە لە شەرمنی، کەسی دی نەیدەگرت بە کرێ
پوولێکی قەڵب بوو، نەفسم دەچووە سەر پەشمەک و
کەچی تەپاڵەشی پێ نەکڕدرا
ئیتر وا بوو،
منداڵیم لە سەرتاشخانەیەکی پیسوپۆخڵ و
بازرگانێکی بێ سومعە و
نانەوایەکی دز و
بەرگدروویەکی بێ وەعد دەچوو،
هەمیشە چۆڵوهۆڵ؛
ئیدی هەر ئەوهام گوزەراند،
سەرەنوێڵکی منداڵیم،
جمەی دەهات لە مێشومەگەزی وەڕسی و
بۆگەنی دەگەیشتە هەیوانی داڕماوی ساڵانی پیریم
پەنجەرەیەکی شکاو بوو،
ڕەشەبا بە کەیفی خۆی، بە بێ نازیما گڤەی دەهات



شاخێکی بنکۆڵکراو؛
بەسەر لەرزۆکیمدا دەڕووخا و
هێندەی تر پڕی دەکردمەوە لە هیچوپووچیی
منداڵیم یەک سەدەی ڕەبەق
جۆگەلەی وشکەساڵی تێیدا هاژەی دەکرد،
ئەستێرە کوێرەکانی ڕووناکی قۆرخیان کردبوو
یەک سەدە تەونی جاڵجاڵۆکەی "گەورەبوون"
لە خەیاڵی پەرتەوازەم ئاڵابوو،
منداڵیم هەموو ڕۆژێ دەچووە کەبابخانە و
هەتا دەیتوانی دەیخوارد و
دەستیشی نەدەشت؛
منداڵیم، دەبووە فەرمانبەری "بانق" و
یەک دنیا پارەی دەبوو،
ژنی دەهێنا و دەرزەنێک منداڵی دەخستەوە،
ئێواران کە دەهاتەوە گۆرەوییەکانی فڕێ دەدا بۆی بشۆن و
جەژنانیش، پێڵاوی " باتە"ی بۆ هەموویان دەکڕی
منداڵیم، ئیتر سەری نەکردەوە بە قوتابخانەدا و
لە جادەو بانیش لەبەر چاوی مامۆستا جگەرەی دەکێشا،
لە کۆڵان هەتا ئێوارە تۆپ تۆپێنی دەکرد و
کەس بە گوێڕاکێشان نەیدەبردەوە ماڵ؛
منداڵیم، تا دوا ئاوڕدانەوە لە وشکبوونەوەی
کلوەبەفری زەردەخەنەکانی،
هەر ورتە ورتی بوو لەگەڵ زەڕنەقووتەی بەرائەت و
نوکتەی بۆ مراوییە ڕەشەکەی غەمگینی خۆی دەگێڕایەوە
ئیدی، یەکەم سپێدە، کە "گەورەبوون"م لە خەو ڕاچڵەکی،
بەرلەوەی شڵپێک ئاو بدات بە دەم و چاویا
بە پەلە، دەستی کرد بە گیرفانی پیجامە خەتخەتەکەیدا و
لە دوی دڵێک دەگەڕا عەقڵی بە خوێنڕشتن نەشکابێت
عەودالی شتێک بوو،
فێنکایی منداڵی لە ئینجانە شکاوەکەی سنگیا شین کاتەوە
فێنکییەک،
کە قەت لەگەڵ گەرمی شەڕەکانا ڕانەدەهات
فێنکییەک،
کە ئێستا و ئەوساش "گەورەبوونم" نەیدۆزییەوە

**کانونی یەکەمی ٢٠١٧ و شوباتی ٢٠١٨**